ژمارە : ٢١٧٠١

ڕێکەوت ٣ / ٨ /٢٧٢١ کوردی

DATE: ٢٥ / ١٠ / ٢٠٢١

## بەیانی ژمارە ( ٣١ ) ساڵی ٢٠٢١

### پالپشت بە یاسای تەندروستی گشتی و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم** : پێویستە گشت هاوڵاتیان (ئەوانەی ڤاکسینیان وەرگرتووە یان وەرنەگرتووە) لە هەموو شوێنە گشتیە داخراوەکان وەك (فەرمانگە حکومیەکان، مارکێت، ریستورانت، شوێنە بازرگانیەکان، کومپانیاکان و شوێنەکانی تری کەرتی تایبەت) پابەندبن بە بەستنی ماسك، بە پێچەوانەوە بە پێی یاسای تەندروستی گشتی مامەڵەیان لەگەل دەکرێت.

**دووەم**: گشت فەرمانبەرانی حکومەت بە هەر دوو راژەی شارستانی و سەربازی پابەندبن بە بەستنی ماسك و پێویستە تا ٢٠٢٢/١/١ ڤاکسین وەربگرن بە پێچەوانەوە بە پێی یاسای تەندروستی گشتی و بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت مامەڵەیان لەگەل دەکرێت.

**سێیەم**: ئەو فەرمانبەر و کرێکارانەی کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن رێگایان پێ نادرێت بچنە سەرکارەکانیان ئەگەر ڤاکسینیان وەرنەگرتبێت و پێویستە لەسەر لێژنەکانی قائیمقامیەت بەدواداچوون بکەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕگەیە.

**چوارەم**: مامۆستایانی وەزارەتی (پەروەردە و خوێندنی باڵا) و ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە تەمەنیان لە سەرووی (١٨) ساڵەوەیە (حکومی و ناحکومی) دەبێت تاوەکو ٢٠٢١/١٢/١ ڤاکسینیان وەرگرتبێت، بە پێچەوانەوە بە پێی یاسای تەندروستی گشتی و بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت مامەڵەیان لەگەل دەکرێت.

**پێنجەم**: پرسەدانان بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە و و بنکەی پۆلیس و موختاری گەرەك بەرپرسیارن لە جێبەجێ کردنی ئەم بڕگەیە.

**شەشەم**: پێویستە مامۆستایانی ئایینی هاوکاربن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی.

**حەوتەم**: دایکان و باوکان تاوەکو ٢٠٢١/١٠/٣١ دەتوانن بڕیار بدەن کە منداڵەکانیان بچنە قوتابخانە یان بەشێوەی ئۆنلاین بخوێنن.

ژمارە : ٢١٧٠١

ڕێکەوت ٣ / ٨ /٢٧٢١ کوردی DATE: ٢٠٢١ / ١٠ / ٢٥

**هەشتەم:** هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەك ئەنجام نادرێت ئەگەر بەشداربووان ڤاکسینیان وەرنەگرتبێت یان تێستی (PCR)یان نەکردبێت و ڕێکخەری کۆبوونەوە بەرپرسیار دەبێت و بە پێی یاسای تەندروستی گشتی مامەڵەی لەگەل دەکرێت.

**نۆیەم:** شوفێری ئوتومبیلەکانی تاکسی و پاس لە کاتی هەبوونی سەرنشین لە گەلیاندا پێویستە شوفێر و سەرنشین پابەندبن بە بەستنی ماسك بە پێچەوانەوە بە بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار بۆ هەر سەرنشینێك شوفێر وەك پێبژاردن دەدات و بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بەرپرسیارن لە جێبەجێ کردنی ئەم بڕگەیە.

**دەیەم:** دەسەڵات دەدرێت بە پارێزگار و سەرپەرشتیارانی ئیدارە سەربەخۆکان کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ جێبەجێ کردنی ڕێکارەکان بە مەبەستی ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

**یانزدەیەم:** ئەم بەیانە لە ٢٠٢١/١٠/٢٦ کاتژمیر (١٢:٠٠)ی شەو جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبـــەر احمد**
**وەزیـری ناوخـۆ**
**سەرۆکی لیژنەی باڵا**

وێـنەیەك بـۆ : -

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان / نوسینگەی بەرێز راوێژکار/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجومەنی پارێزگای (هەولێر ، سلێمانی ، دهوك ) / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سکرتاریەت / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی میدیا و زانیاری ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.

ژمارە : ٢١٧٠١

ڕێکەوت ٣ / ٨ /٢٧٢١ کوردی

DATE: ٢٠٢١ / ١٠ / ٢٥

- فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە/ نوسینگەی سەرۆکی فەرمانگە/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی داد/ ب.ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- یەکەکانی (٧٠ و ٨٠) / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان ، بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن
- بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر ، بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرك/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرماندەی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- دەروازە سنوورییەکانی (ئیبراهیم خلیل ، حاجی ئومەران ، باشماخ ، پەروێزخان ، سەرزێر) و هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتییەکانی نشینگە لە پارێزگاکان / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- خولاو.